# سیستەم و بازنەکانی هەڵبژاردن لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠





هەڵشۆ عەبدول فەتاح کاکە

حوزەیران ٢٠٢١

Rayan Building, No 5, Alley 41,
Shoresh District 101, Slemani
Kurdistan Region / Iraq

09647725276043

@Pasewan PasewanOrg contact@pasewan.com

PASEWAN

**پوختە**

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کەپاش نزیکەی یەك ساڵ لەگفتوگۆ مانەوە لەنێوان ململانێی هێزە سیاسیەکاندا، سەرئەنجام لە رۆژی شەممەی بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٢٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردنی بۆ شانزە پارێزگا دەنگی لەسەردرا، پاشان دوو رۆژ دوای ئەو، هەردوو پارێزگا موسڵ‌و کەرکوك رۆژی دوو شەممە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٢٦ دەنگ لەسەر دیاریکردنی خشتەی ئەو دوو پارێزگایەش درا، دواتر رەوانەی سەرۆکایەتی کۆمار کراو بۆ واژووکردن‌و بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقائعی عێراق، ئێستا یاساکە لەرۆژنامەی وەقائعی عێراقی بەژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ پەسەندکراوەو بڕیارە لەتشرینی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامبدرێت.

ئەوەی گرنگە بۆ رایگشتی‌و هاوڵاتیان بزانن ئایا سیستەمی هەڵبژاردنی ناو ئەم یاسایە چ جۆرە سیستەمێکە؟ لایەنە باش‌و خراپەکانی چییە؟ بازنەکانی هەڵبژاردن چۆنە چۆن دابەشبووە؟ ژمارەی دانیشتوان تاچەند کاریگەری لەسەر ژمارەی کورسییەکان هەبووە؟.

زانیارییە گشتییەکان:.

ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٣٢٠) کورسی گشتیە

ژمارەی کورسی پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئاینییەکان (٩) کورسی

ژمارەی کورسی کۆتای ژنان (٨٣) کورسی

ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن (٨٣) کورسی

ژمارەی ئەو پارێزگایانەی کۆتای پێکهاتەکانیان هەیە (٦) پارێزگا

**سیستەمی یەك دەنگی نەگوێزراوە:.**

بەپێی رەشنوسی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سیستەمی یەك دەنگی نەگوێزراوە پەیرەو دەکرێت، ئەم سیستەمەش یەکێکە لەدوانزە سیستەمەکەی هەڵبژاردن‌و، بەوەدەناسرێتەوە کەلە بازنەی هەڵبژاردنی فرە نوێنەرایەتیدا پەیرەو دەکرێت، لەم سیستەمەدا دەنگدەر دەنگ بەیەکێك لەکاندیدەکان دەدات‌و، براوەی هەڵبژاردنیش بەپێی دەنگی زۆرینە ریزبەند دەکرێت، تا کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە پڕدەکرێتەوە.

**لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە:.**

پەیوەندی نێوان کاندیدو دەنگدەر بەهێز دەکات و نزیکییەك دروستدەکات.

ڕێگەخۆشکەرە بۆ پاڵپشتی کەسانی سەربەخۆو دوور لەحزب، کەبتوانن کێبڕکی هەڵبژاردن ببەنەوە.

کاریگەی تەزویر کەمدەکاتەوە، تەزویر تەنیا لەسەر ئەو بازنەی هەڵبژاردنە کاریگەری دەبێت کەتەزویرەکەی تێدا دەکرێت، نەك سەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردن.

هانی هێزە سیاسیەکان دەدات، پشتیوانی کەسانێك بکەن زیاتر لەناو دەنگدەر خۆشەویست بن، تا بتوانێت متمانەی دەنگدەران بەدەستبهێنێت.

تارادەیەك دەتوانێت نوێنەرایەتی ناوچەیی بەدیبهێنێت و، ناوچەکان دەتوانن نوێنەری خۆیان زامن بکەن.

**لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمە:.**

لەگەڵ فرە حزبیدا نییەو دژی هێزی بچوکەکانە، چونکە مەیدانی کۆکردنەوەی دەنگەکانیان بچوکەو ئاسان نییە ببەنە خاوەنی کورسی پەرلەمانی.

تارادەیەك ناوچەگەریی و خێڵەکی زیندوو دەکاتەوەو دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بنەمای خوێن و خێڵەکی.

دژی بوونی پاڵێوراوی زۆرە، چونکە دەنگەکان دابەشدەبێت، بۆیە دەبێتە هۆی چڕکردنەوەی دەنگەکان لە یەك کاندید یان چەند کاندیدێکی دیاریکراو کەبتوانن بردنەوەی کورسی مسۆگەر بکەن.

لەبەرژەوەندی هێزی مەرکەزیدایە، بۆ ئاڕاستەکردنی دەنگدەران تا لەدەوری چەند کاندیدێکی دیاریکراو کۆبکرێنەوە، بەئامانجی بردنەوەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە.

## خشتەی دابەشکردنی (ژمارەی کورسی،بازنەی هەڵبژاردن،کورسی کۆتای ژنان،پێکهاتەکان )

### خشتەی ژمارە (١)

| ژ | پارێزگا | کۆی کورسییەکان | کۆتای پێکهاتەکان | ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن | کۆتای ژنان | کورسی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | بەغداد | ٦٩ | ٢ | ١٧ | ١٧ | ٥٢ |
| ٢. | موسڵ | ٣١ | ٣ | ٨ | ٨ | ٢٣ |
| ٣. | بەسرە | ٢٥ | - | ٦ | ٦ | ١٩ |
| ٤. | زیقار | ١٩ | - | ٥ | ٥ | ١٤ |
| ٥. | سلێمانی | ١٨ | - | ٥ | ٥ | ١٣ |
| ٦. | بابل | ١٧ | - | ٤ | ٤ | ١٣ |
| ٧. | هەولێر | ١٥ | ١ | ٤ | ٤ | ١١ |
| ٨. | ئەنبار | ١٥ | - | ٤ | ٤ | ١١ |
| ٩. | دیالە | ١٤ | - | ٤ | ٤ | ١٠ |
| ١٠. | سەلاحەدین | ١٢ | - | ٣ | ٣ | ٩ |
| ١١. | نەجەف | ١٢ | - | ٣ | ٣ | ٩ |
| ١٢. | کەرکوك | ١٢ | ١ | ٣ | ٣ | ٩ |
| ١٣. | دهۆك | ١١ | ١ | ٣ | ٣ | ٨ |
| ١٤. | کەربەلا | ١١ | - | ٣ | ٣ | ٨ |
| ١٥. | واست | ١١ | ١ | ٣ | ٣ | ٨ |
| ١٦. | دیوانیە | ١١ | - | ٣ | ٣ | ٨ |
| ١٧. | میسان | ١٠ | - | ٣ | ٣ | ٧ |
| ١٨. | موسەنا | ٧ | - | ٢ | ٢ | ٥ |
| | کۆی گشت | ٣٢٠ | ٩ | ٨٣ | ٨٣ | ٢٣٧ |

**خشتەی دابەشکردنەکە لەسەر بنەمای رەشنوسی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە،کەلەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٢٤ لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەردرا.**

# دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان

**پارێزگای سلێمانی خاوەنی (١٨) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە**

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ژ | ناوی بازنە | بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی گشتی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کورسی ژنان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | باکوری سلێمانی+شارباژێر+ ماوەت | ١ | ٤ | بەردەست نییە | ١ |
| ٢ | باشوری سلێمانی+ قەرەداغ | ١ | ٣ | بەردەست نییە | ١ |
| ٣. | هەڵەبجە+ سەیدسادق+ پێنجوێن+شارەزوور | ١ | ٣ | ٣٢١.٤١٠ | ١ |
| ٤. | قەڵادزی+ رانیە+دوکان | ١ | ٤ | ٤٥٠.٧٠٦ | ١ |
| ٥. | کەلار+کفری+چەمچەماڵ+ دەربەندیخان+بەشێك لەخانەقین | ١ | ٤ | ٤٨٧.٣٩٩ + ژمارەی خانەقین | ١ |
| | **کۆی گشتی** | ٥ | ١٨ | | ٥ |

## پارێزگای هەولێر خاوەنی ١٥کورسی گشتیەو یەك کورسی کۆتای مەسیحیەکانی هەیە

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ژ | ناوی بازنە | بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی تەرخانکراو | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کورسی ژنان |
|---|---|---|---|---|---|
| .١ | دەشتی هەولێر+کۆیە+ خەبات | ١ | ٤ | ٤٥٩.٩١٧ | ١ |
| .٢ | سۆران+ شەقلاوە+مێرگەسور+چۆمان+ رەواندز | ١ | ٤ | ٤٦١.٦٩٠ | ١ |
| .٣ | رۆژهەڵاتی هەولێر | ١ | ٤ | بەردەست نییە | ١ |
| .٤ | رۆژئاوای هەولێر | ١ | ٣ | بەردەست نییە | ١ |
| کۆی گشتی /١٠/٢٠٢٠ | | ٤ | ١٥ | ---- | ٤ |

## پارێزگای دهۆك خاوەنی ١١کورسی گشتیەو یەك کورسی کۆتای مەسیحیەکانی هەیە:

**خشتەی ژمارە (٣)**

| ژ | ناوی بازنە | بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی زۆرترین دەنگ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کورسی ژنان |
|---|---|---|---|---|---|
| .١ | ناوەندی دهۆك+ ئامێدی | ١ | ٤ | ٥٠١.٨٦٠ | ١ |
| .٢ | زاخۆ+ سیمێل | ١ | ٣ | ٣٩٥.٤٥٣ | ١ |
| .٣ | ئاکرێ+ شێخان+ بەردەرەش | ١ | ٤ | ٤٢٩.٢٤٥ | ١ |
| کۆی گشتی | | ٣ | ١١ | ١.٣٢٦.٥٥٨ | ٣ |

ئاماری ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای دواین داتای وەزارەتی پلاندانانی عێراق وەگیراوە کەلەساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

## نرخی کورسی لەچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن لە سێ پارێزگاکەی هەرێم

**بۆ وەرگرتنی ژمارەی دانیشتوان پشتبەستراوە بە ئاماری وەزارەتی پلاندانان کەلەساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.**

### پارێزگای هەولێر

لەبازنەی هەڵبژاردنی ( دەشتی هەولێر+ کۆیە+ خەبات) نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١١٤.٩٧٩) سەدوچواردەهەزارو نۆسەدوحەفتاو نۆ دانیشتوانە.

لەبازنەی هەڵبژاردنی (سۆران+ شەقلاوە+مێرگەسور+چۆمان+ رەواندز)دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١١٥.٤٢٢) سەدو پانزە هەزارو چوار بیست‌و دوو دانیشتوانە.

### پارێزگای سلێمانی

بازنەی هەڵبژاردنی (هەڵەبجە+ سەیدسادق+ پێنجوێن+ شارەزوور)دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١٠٧.١٣٦) سەدو حەوت هەزارو سەدو سی‌و شەش دانیشتوانە.

بازانەی هەڵبژاردنی (قەڵادزی+ رانیە+دوکان) دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١١٢.٦٧٦) سەدو دوانزە هەزارو شەش سەدو حەفتاو شەش دانیشتوانە.

### پارێزگای دهۆك

بازنەی هەڵبژاردنی (ناوەندی دهۆك+ ئامێدی)دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١٢٥.٤٦٥) سەدو بیست‌و پێنج هەزارو چوار سەدو شەست‌و پێنج دانیشتوانە.

بازنەی هەڵبژاردنی (زاخۆ+ سیمێل)دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١٣١.٨١٧) سەدو سی‌و یەك هەزارو هەشت سەدو حەڤدە دانیشتوانە.

بازنەی هەڵبژردن (ئاکرێ+ شێخان+ بەردەرەش)دا نرخی هەر کورسییەك بەرامبەر (١٠٧.٣١١) سەدو حەوت هەزارو سێ سەدو یانزە دانیشتوانە.


سەرچاوەکان/

رەشنوی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

راپۆرتی رێکخراوی IFES

راپۆرتی وەزارەتی پلاندانان لەعێراق (٢٠١٩)

توێژینەوەیەك لەبارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن (سەربەست مستەفا)